# پەیڕەوی ناوەخۆی ڕێکخراوی

(ناوەندی لێکۆڵینەوەی دەستپێشخەری شارستانی جیهانی)

## بەشی یەکەم

### ناسنامەی ڕێکخراو

**ماددەی یەکەم : ناو و لۆگۆی ڕێکخراو**

**یەکەم: ناوی ڕێکخراو /**

ڕێکخراو (ناوەندی لێکۆڵینەوەی دەستپێشخەری شارستانی جیهانی)

**دووەم: لۆگۆی ڕێکخراو /**

١- هێمای هێلەکانی گۆی زەوی ئاماژەیە بۆ بەیەکەوەبوونی مرۆیی.

٢- هێلە (سورو زەرد و سەوز) ئاماژەی تێکەڵبوونی شارستانییەتیەکانە.

٣- (G.C.I.O) کورتکراوەی ناوی ڕێکخراوەکەیە.

**ماددەی دووەم : سنوری کارکردن و ناونیشان**

**بنکەی گشتی ڕێکخراو لە شاری (هەولێر) دەبێ .بەپێی پێویست لە ناوەو دەرەوەی وولات دەتوانێ لق بکاتەوە .**

**ماددەی سێیەم : پێناسەی ڕێکخراو**

**ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویست و بێلایەنە، ناوەندێکی رۆشنبیرییە لە هەوڵی دەستپێشخەریە بۆ هەماهەنگی و کارلێکی هەموو شارستانییە جیهانییەکان لە ڕێگەی بەها مرۆییە ئەرێنییەکانیانەوە کە یارمەتیدەرن بۆ لێك نزیکبوونەوەو دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش کە ئاسایش و ئارامی گەشەسەندن مسۆگەر بکات.**

**ماددەی چوارەم : بواری کارکردن**

**(پەرەپێدانی مرۆیی، گەشەپێدان، ڕاهێنان، هەلی کار..)**

## بەشی دووەم

## ئامانجەکان و چۆنیەتی کارکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکان

**ماددەی پێنجەم: ئامانجەکان و چۆنیەتی کارکردن**

**یەکەم / ئامانجەکانی ڕێکخراو:**

١- داوای ڕێزگرتن لە فرەچەشنی شارستانییەتەکانی جیهان و پابەندبوون بە یەکسانی و قازانجی یەکتر و گفتوگۆ و لێبوردەیی نێوان شارستانیەتەکان و تێپەڕاندنی جیاوازی و ململانێی نێوان شارستانیەتەکان و گەیشتن بە بالادەستی شارستانی لە ڕێگەی پەیوەندی و قازانجی هاوبەش و لێبوردەیی نێوان شارستانیەتەکان دەکات.

٢- بانگەوازی پیرۆزکردنی بەها هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی دەکات کە لە ئاشتی و گەشەپێدان و یەکسانی و دادپەروەری و دیموکراسی و ئازادیدا نوێنەرایەتی دەکرێن، کە لە خواستە هاوبەشەکانی گەلانی جیهانن، گرنگە وڵاتێک بە کراوەیی بمێنێتەوە بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بەهاکانی شارستانیەتەکانی تر، لەبری ئەوەی بەها و نەخشەکانی خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت یان ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆژی پراکتیزە بکات.

٣- داوای گرنگیدان بە میرات و داهێنەری شارستانیەتەکان دەکات، بە مەبەستی تەرخانکردنی بەهای مۆدێرن بۆ تەواوی مێژووی هەموو وڵاتان و کولتوورەکانیان و، پاڵنانی بەدیهێنانی گۆڕانکاری و گەشەپێدانی داهێنەرانەی کولتوور و نەریتییە جیاوازەکانی هەموو وڵاتان لە پرۆسەیەکی مۆدێرنیزاسیۆندا.

٤- داوای بەهێزکردنی پەیوەندی و هاوکاری نێودەوڵەتی لە بواری مرۆیی و ڕۆشنبیری دەکات، لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لەسەر بنیاتنانی تۆڕێکی هاوکاری بۆ گفتوگۆ لەنێوان شارستانییەتە جیهانییەکان، دەوڵەمەندکردنی تۆخمەکانی پەیوەندیکردن، فراوانکردنی کەناڵەکانی هاوکاری و بەرزکردنەوەی ئاشنابوون و لێکنزیکبوونەوە لە نێوان گەلانی جیهان، بە شێوەیەک کە گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەرەوپێش ببات.

٥- جێبەجێکردنی ئەو چەمکانەی سەرەوە بە وەرگێڕانی زۆرێک لە کتێبە چینییەکان و ئەنجامدانی سیمیناری ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوەی فیکری و چالاکییە ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکان و بانگهێشتکردنی توێژەری پسپۆڕ لە چین و وڵاتانی خاوەن شارستانیەتی جیهانی کۆن بۆ بەشداریکردنیان.

٥- پێگیری کردن بە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان.

٦- پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی و باڵاکانی هەرێمی کوردستان.

**دووەم/ چۆنیەتی کارکردن**

١. هەموو شێوازێکی کاری مەدەنی ئاشتیخوازانە.
٢. توێژینەوەو ڕاپرسی .
٣. کۆبوونەوەو سیمینار و کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و دیدارو دیالۆگی کراوە .

## بەشی سێیەم

## پرنسیپەکانی کارکردن

**ماددەی شەشەم : بنەماکانی کارکردن لە ڕێکخراو**

1. **پابەند بوون بە یاسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە بنەماکانی مافی مرۆڤ.**
2. **پێگیریکردن لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان .**
3. **پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی و باڵاکانی هەرێمی کوردستان.**
4. **ئەو لقانەی لە دەرەوەی هەرێمن پابەندی یاسا پەیڕەوکراوەکانی ئەوشوێنانە کە لێی کاردەکەن .**

## بەشی چوارەم

## ئەندامێتی لە ڕێکخراو

**ماددەی حەوتەم : مەرجەکانی بوون بە ئەندام**

**یەکەم/ دەبێت ئەندام دانیشتوو یان نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بێت.**

**دووەم/ تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو کردبێت و ئەهلییەی یاسایی تەواو بێت**

**سێیەم/ باوەری بە پەیڕەوی ناوەخۆ هەبێت و ڕێنماییەکانی جێبەجێ بکات .**

**ماددەی هەشتەم : سەرپێچیەکان و سزاکان**

**یەکەم : سەرپێچیەکان**

1. **پابەند نەبوون بە پەیڕەوی ناوەخۆ .**
2. **سێ جار ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوەکان بێ پاساو و بە ئەنقەست .**
3. **پابەند نەبوون بە بڕیارەکانی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.**
4. **پابەند نەبوون بە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان.**

دووەم: سزاکان:

١. سەرنج ڕاکێشان .
٢. ئاگادارکردنەوە.
٣. سڕکردن دوای سێ جار سەرنج ڕاکێشان یان دووجار ئاگادارکردنەوە .
٤. لێسەندنەوەی مافی ئەندامێتی .

## ماددەی نۆیەم : مافەکانی ئەندام

یەکەم/ دەبێتە خاوەنی ناسنامەی تایبەت بە ڕێکخراو.
دووەم/ بەشدار دەبێت لە کۆڕو کۆبونەوەکانی تایبەت بە ڕێکخراو.
سێیەم/ مافی دەنگدانی دەبێت لە ناو ڕێکخراوەکە، بە پێی پەیرەوی ڕێکخراو.
چوارەم/ مافی تانە لێدانی دەبێت لە بڕیارەکانی ڕێکخراو.
پێنجەم/ مافی وەرگرتنی پۆست و پلەی دەبێت لە ناو ڕێکخراو.
شەشەم/ مافی سودمەند بوونی هەیە لە هەموو سودە نا قازانجیانەی ڕێکخراوەکە.

## ماددەی دەیەم : ئەرکەکانی ئەندام

یەکەم/ پێشکەش کردنی داواکاری نوسراو بۆ بوون ئەندام.
دووەم/ پێویستە لە چوار چێوەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کاربکات .
سێیەم/ بەشداری کارای هەبێت لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە .
چوارەم/ نابێت تاوانبار بێت بە تاوانی کوشتن.
پێنجەم/ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کاربکات و ناوی ڕێکخراوەکە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکار نەهێنێ.

## ماددەی یازدەم : لەدەستدانی ئەندامێتی

یەکەم/ بە ئارەزوومەندانە

١. لە حاڵەتی مردنی ئەندامەکە.
٢. داواکارییەکی نووسراو پێشکەش دەکات بۆ دەست لەکارکێشانەوە یان کشانەوە لە ڕێکخراوەکە بە واژووی ئەندامەکە خۆی.

**دووەم/ ئەندامبوون بە زۆرەملێ هەڵدەوەشێتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە.**

1. **ئەگەر ئەندام کارێک بکات بە هۆیەوە زیانیکی گەورە بە ناوبانگی ڕێکخراوەکە بگات.**
2. **ئەگەر ئەندامی باڵای حزبێکی سیاسی بێت یان ئەندامی گروپە دەرچوو لە یاساکان بێت.**
3. **ئەگەر پێشێلی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤی جیهانی بکات.**
4. **ئەگەر بە زۆرینەی سادەی (٥٠+١) ئەندامان بڕیاری دەرکردنی لە ڕێکخراو درا.**

## بەشی پێنجەم

## پەیکەری ڕێکخراو و چۆنیەتی کارکردن

**ماددەی دوازدەم : پەیکەری ڕێکخراو پێک دێت لە :**

**یەکەم / دەستەی دامەزرێنەران : پێک دێت لە (٣) کەس یان زیاتر، دامەزرێنەری ڕێکخراون.**

**دووەم / دەستەی گشتی : پێک دێت لە سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراو.**

**سێیەم/ دەستەی کارگێری : پێک دێت لە سەرۆک و جێگری سەرۆک و بەڕێوبەرەکان .**

**ماددەی سێزدەم : دەسەڵاتەکانی دەستەی دامەزرێنەران**

دەستەی دامەزرێنەران لە (٣) کەس یان زیاتر پێک دێت کە تیایدا بەرپرسن لە دامەزراندنی ڕێکخراوتە

1. **هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو بە دەنگی (٥٠+١) ی دەمەزرێنەران.**
2. **پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ دەستەی کارگێری.**
3. **هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندن و بە دواداچوونی چالاکیەکانی ڕێکخراو.**

**ماددەی چواردەم : دەسەڵاتەکانی دەستەی گشتی**

**دەستەی گشتی پێک دێت لە گشت ئەو ئەندامانەی کە مافی ئەندامێتیان هەیە و دەتوانن دەنگبدەن و خۆیان بپاڵێون( لە گشت حالەتەکان نابێت لە سێ ئەندام کەمتر بێت)**

**١- لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و نهێنی دەتوانێت سەرۆک و جێگری سەرۆک و بەڕێوبەرەکان هەڵبژێرێ.**

**٢- بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو دەردەکات، دوای دەنگدانی (٥٠+١) بۆ بڕیارەکە.**

٣- بڕیاری گۆرینی لۆگۆ و ناوی رێکخراو دەردەکات، دوای دەنگدانی (٥٠+١) ئەندمانی دەستەی گشتی.
٤- بڕیاری گۆڕینی یان هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ دەردەکات دوای دانگدانی (٥٠+١) ئەنداماانی دەستەی گشتی.
٥- بە رێژەی دەنگی ئەندامان (٥٠+١) دەتوانێت لەگەڵ رێکخراوێکی تر یەکبگرێتەوە یان تۆر پێک بهێنێت.
٦- بڕیار دەدات بۆ کردنەوەی لقی رێکخراو لە ناوەوە یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

## مادەی پازدەم : دەستەی کارگێری و دەستەڵاتەکانی

یەکەم/ پێکهاتەی دەستەی کارگێری

١. سەرۆکی رێکخراو
٢. جێگری سەرۆکی رێکخراو.
٣. بەرێوبەرانی بەرێوبەرایەتیەکان.

دووەم/ دەستەڵاکانی دەستەی کارگێری :

١. دەستەی کارگێری لە نێوان دوو هەڵبژاردندا بەرپرسە لە کاروباری یاسایی و کارگێری و دارایی و هونەری رێکخراوەکە .
٢. ئامادەکردن و دارشتن و پەسندکردن و بەرزکردنەوەی پرۆژەکان و بڕیاردان لەسەر نوێنەر بۆ واژوو کردنی گرێبەستەکان .
٣. لە سەر بڕیاری زۆرینە دەستەی گشتی دەتوانرێت لقی تازە لە شارو شارۆچکەکان یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە .

## ماددەی شازدەم: دەستەڵاتەکانی سەرۆک

١- رێنمایی کارگێری دەردەکات و واژوو لە سەر نوسراوەکان دەکات و مافی بڕیاردانی لە سەر گرێبەستەکانی رێکخراوەکە هەیە .
٢- سەرپەرشتی بەشەکان و لقەکانی رێکخراو دەکات و کارەکانیان دابەش دەکات.

## ماددەی حەڤدەم : دەستەڵاتەکانی جێگری سەرۆک

جێگر لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆک بە هەر هۆیەک یان لە سەر کار لاچوونی ,کارەکانی سەرۆک ئەنجام دەدات.

## بەشی شەشەم

## ژمێریاری و داهاتی ڕێکخراو

**ماددەی هەژدەم: داهاتی ڕێکخراو**

یەکەم/ ئەو ئابونەیەی لە ئەندام وەردەگیرێت دەچێتە سندوقی ژمێریاری ڕێکخراو بۆ خەرجی و پێویستیەکان

دووەم/ داهاتی ئەو هاوکاریانەی بە مەبەستی چالاکییەکان وەردەگیرێت .

سێیەم/ ڕێکخراو ساڵانە ڕاپۆرتی دارایی دەدات بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وە بۆ ئەو پرۆژانەی حکومەت پشتگیری دەکات زانیاری و دەرخستەی ورد پێشکەش دەکات

**ماددەی نۆزدەم: چاودێری و ژمێریاری**

١. سەرجەم داهات و خەرجی ڕێکخراو لە ڕێگای ئەو حسابە بانکیانە دەبێت کە بەناوی ڕێکخراوەکە کراونەتەوە .

٢. ڕێکخراو لە ڕێی بودجەی ساڵانەی بە گوێرەی سیستەمی ژمێریاری پەیڕەو کراو لە هەرێم دارایی خۆی بەڕێوە دەبات.

٣. ڕێکخراو ڕاپۆرتی ساڵانەی دارایی خۆی پێشکەش بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکات و لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا ووردبینی بۆ دەکرێت.

٤. سەبارەت بەو پرۆژانەی کە حکومەتی هەرێم پشتیوانیان دەکات پێویستە ڕێکخراو ڕاپۆرتێکی وورد دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە پێشکەش بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکات و پابەند بێت بە تەواوی مەرجەکانی گرێبەستەکە .

ORIGINAL

## بەشی حەقدەم

## تۆمارەکانی ڕێکخراو

**ماددەی بیستەم:** **تۆمارەکانی ڕێکخراو**

پێویستە ڕێکخراو دوای وەرگرتنی بڕوانامەی تۆمار ئەو تۆمارانەی خوارەوە هەبێت و تۆمارەکانیش لە لایەن دادنووسەوە ئەرێ کراپن :

**یەکەم/** **تۆماری ئەندامان** : ئەم زانیاریانە لە خۆبگرێت :ناو , ناونیشان , تەمەن , ڕەگەز , پلەی خوێندن و ڕۆژی بوون بە ئەندام .

**دووەم/** **تۆماری ژمێریاری** : داهات و خەرجیەکانی ڕێکخراوی تیادا تۆمار دەکرێت.

**سێیەم/** **تۆماری بنەڕەتی (تۆماری هەبووەکان )**: هەموو سامانی گواستراوەو نەگواستراوەی ڕێکخراوی تیادا تۆمار دەکرێت .

**چوارەم/** **تۆماری بڕیارەکان** : ئەو تۆمارە سەرجەم بڕیارەکانی هەریەکە لە دەستەی کارگێری ڕێکخراوەکە و دەستەی گشتی و ناوی ئەو کەسەی کە پێی پەیڕەوەکەی نوێنەرایەتی ڕێکخراو دەکات و تۆمارەکەش لەلایەن دەستەی کارگێری ڕێکخراوەکە واژوو دەکرێت .

## بەشی هەشتەم

## [illegible]

**ماددەی بیستویەکەم:** **هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو**

**یەکەم / هەڵوەشاندنەوەی بە ئارەزومەندانە**

لە حالەتی بە ئارەزوومەندانە هەڵوەشانەوەدا , هەڵوەشانەوەی ڕێکخراو بە گوێرەی پەیڕەوی ناوەخۆی دەبێت، بەدەنگی ٥٠+١ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر یان بە دەنگی ٥٠+١ ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراو.

**دووەم / هەڵوەشاندنەوەی بە نا ئارەزومەندانە**

لە حاڵەتی بە زۆر هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو بە بڕیارێک لە دادگای بەرایی شوێنی ڕێکخراوەکە دەبێت.
موڵک و داهات ( گوێزراوە و نەگوێزراوە ) بە پێ ی ماددەی (١٧) بڕگەی (١،٢) لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت



ORIGINAL